سودانی بانگهشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورە بازرگانییەکانی چیک دەکات بە سەردانی عێراق

محەمەد شیاع سودانی، سەرکۆزیرانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، بانگهەشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورە بازرگانییەکانی چیک و کەمپانیاکانی چیک و بازرگانانی کرد بە سەردانی عێراق.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی و هاوتا چیکییەکەی پیتەر فیالا ئامادەی کبوونەوەیەکن کە تیایدا سەرۆکی ژووری بازرگانی عێراق و سەرۆکی فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق و هاوتا چیکییەکانیانی لەخۆگرت، و بە ئامادەبوونی باڵیۆزانی هەردوو وڵات و جێگری سەرۆکی دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان.

وتیشی هەردوولا پشتیوانی خۆیان بە کەرتی تایبەت لە هەردوو وڵات دووپاتکردەوە، لەپێناو پەرەپێدانی هاوکاری و کاری هاوبەشی تایبەت بە دەرفەتی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکان لە عێراق.

سودانی ئاماژەی بە گرنگی بوونی کەمپانیا چیکییەکان بە عێراق کرد، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پشکوتنەی کە وڵات لەبوارە جیاجیاکاندا بەخێوە دەیبینێت و ئاماژەی بەبانگهەشت کردنی کەمپانیا چیکییە تایبەتمەندەکان بە بیناسازی کرد و عێراق بناغەی دروستکردنی یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونی داناوە.

سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر گرنگی بوونی لیژنەیەکی ئامادەکاری لە فیدراسیۆنە پیشەسازیەکانی هەردوو وڵات کردەوە، بە بەردەوامی کارە دووقۆڵییەکان و ئەنجامدانی پەشانگایەک بە کەمپانیا چیکییەکان لەبەغداد، هەروەها بەڕێزیان بانگهەشتی فیدراسیۆنی پیشەسازی و ژوورەکانی بازرگانی چیک و کەمپانیا و بازرگانانی چیکی کرد بە سەردانی کردنی عێراق.

لە میانی کۆبوونەوەکەدا باس لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی بازرگانی هاوبەش کرا، بە کارئاسانی بە کاری بازرگانان، ئەمە جگە لەوەی باس لە دامەزراندنی بناغە بە پرسی پەدانی ڤیزا و ئاسانکاری بە هاتنە ناوەوەی وەبەرهێنەران بە ئەو دوو وڵاتە کرا.